# هەڵوێستی سەربەخۆی جەماوەر لە نێوان ( داعش ) و ( دەوڵەت )

بەدەر لەوەی کە هێرشی (داعش) و ڕەوی سوپای دەوڵەتی عیراق کێ و چی لە پشتەوەیە ، بەدەر لەوەی نەخشەڕێژانی ئەم هێرشە هێزە دەرەکییەکان و دەوڵەتەکانی ناوچەکەن یا هێزە نێوخۆییەکانی عیراق ، جەنگێکی سەرتاپاگیر لەنێوان دەسەڵاتداران و دەسەڵاتخوازاندا لە ئارادایە و باجدەری سەرەکی ئەم جەنگە و هەموو جەنگەکانی سەراپای مێژوو ، تەنیا خەڵکی سڤیل و چین و توێژە بندەستەکانی کۆمەڵن.

ئا لێرەوە ئەنارکیستەکان وەك چالاکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و لایەنگرانی بەەی جەماوەریی ، ئەم جەنگەش وەك هەر جەنگێکی دیکەی نێوان دەوڵەتان و میلیشیاکان و هێزە دەرەکی و نێوخۆییەکان رەتدەکەنەوە و بە جەنگێکی نارەوای دەزانن و تەنیا لە بەرەی یەك جەنگدا خۆیان دەبیننەوە ، جەنگی کۆمەڵایەتیی چەوساوان دژی چەوسێنەران ؛ جەماور دژی دەوڵەت ؛ جەماوەر دژی میلیشیا ؛ جەماوەر دژی داگیرکەر ، جەماوەر دژی ڕامیاران ؛ جەماوەر دژی هەموو هێزە سەربازیی و پۆلیسییەکان.

لەبەرئەوە تەنیا هێزی رێکخراو و یەکگرتووی جەماوەر لە گەڕەك و گوند و کارگە و فێرگە و فەرمانگە و ناوچە و هەرێمەکادا وەك ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵایەتی بۆ بەرگرتن بە هێرشی (داعش ) و ملهوڕییەکانی دەوڵەت و فەرمانداریيە هەرێمییەکان بە فەرمی دەناسن و کار بۆ هەڵخراندن و پێکهێنانی دەکەن.

هەڵبەتە وەها هەڵوێستێك تەنیا لە حەز و خەیاڵەوە سەرچاوە ناگرێت ، بەڵکو پشت بە ئەزموونەکان دەبەستێت ، کە هیچ کات سوپا و لەشکری دەوڵەت شایانی بڕوا و پشتپێبەستنی جەماوەر نین و هەمیشە ئەگەری کایەکردنیان لە پلانە دەرەکی و نێوخۆییەکاندا هەیە و هیچ کاتێکیش لەبەرەی جەماوەردا نەبوون و ناشبن ، بەڵکو هەردەم سەرکوتگەری بەرەی جەماوەرن و داکۆکی لە بەرژوەندی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتخوازان دەکەن. بۆ نموونە پاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ هێزی میلیشیاکانی بەرەی کوردستانی لە یەکەمین هەنگاودا کەوتنە سەرکوتی بزووتنەوەی " شورایی " و پاش چەند ڕۆژێك هەر ئەو هێزانە نەك نەیانتوانی لە بەرامبەر هێرشی سوپای تێکشکاوی ( ڕژێمی بەعس )دا خۆیان ڕابگرن ، بەڵکو بە هەمان شێوەی هەڵوێست و کاردانەوەی سوپا و هێزەکانی دەوڵەتی ئێستا عیراق [ لە موسڵ ] لە پێش خەڵکی سڤیل و بێچەکەوە ڕەویانکرد و گەڕانەوە ئەو دیو ئەو سنوورانەی لێوەی هاتبوونەوە. لە بەرامبەردا تەنیا هێزی چەکداری "شورایی" کە دەستبەجێ و خۆبەخۆ پێکهاتبوو و بە کۆنترین و لاوازترین چەکەوە بەرەنگاری لەشکری دەیان هەزاری ڕژێمی بەعس دەبوویەوە. هەروەها لەم ڕۆژانەشدا بە هەمان شێوە و سیناریۆ ، بینیمان کە چۆن هێزی سوپای عیراق و هێزە نێوخۆییەکانی دەوڵەت کەوتنە ڕەوکردن و گەیشتنە ناوچەکانی دەرەوەی پارێزگەی موسڵ. دیسانەوە سوپا و لەشکری فەرمی دەوڵەت ، نەك نەیتوانی بەرگریی لە دوژمن [ داعش ] بکات ، بەڵکو بە کۆڕەوکردنی بووە هۆی ڕوخاندنی ورەی خەڵك و ورەبەخشین بە چەند سەد چەکدارێکی ( داعش ). بێجگە لەوە ، ئەگەر سەرنجی چۆنیەتی کارکردن و هێرشەکانی ( داعش ) و (جبهة النصرة ) و ( طالیبان ) و ( انصار اسلام ) و تەنانەت دەوڵەتانیش بدەین ، ئەوان بە ڕۆشنی دەبینین ، کە بە کشتوبڕی گشتی و کاری تیرۆریستی و سەربڕین و دروستکردنی ترس لە دەروونی جەماوەردا ، دەتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن. ئەمەش کارێکی ئاسان و ئاساییە ، چونکە پێشتر جەماوەر لە هەموو توانا و دەسەڵات و ورەیەك داماڵراوە و هەموو بڕیار و بەرەنگارییەکان بە سوپا و میلیشیاکان سپێردراون. لەبەرئەوە کاتێك کە ورە و بڕوابەخۆبوون لە ڕێگەی یەکگرتنی جەماوەریی و پێکهێنانی گاردی گەلییەوە دەبوژێتەوە ، هەم جەماوەر دەبێتە هێزێکی خۆڕاگر و هەرگیز نەبەزیو و هەم سوپای دەوڵەت و میلیشیا تیرۆریستەکانی وەک ( داعش ) و ( جبهة النصرة ) ورە لەدەستدەدەن و لە بەرامبەر یەکرێزیی جەماوەردا بەچۆکدادێن.

ئەگەر سەرنجی ئەزموونی خۆبەرگریی جەماوەریی خەڵکی سڤیل لە خۆراوا (کوردستانی بەشی سوریە) بدەین ، ئەوا دیسانەوە هەمان نموونەی درەوشاوەی هێزی چەکداری بزووتنەوەی "شورایی" دەبینین و دەبینین نەك تەنیا بەرامبەر (د عش)، بەڵکو بەرامبەر (جبهة النصرة) و دەستە دەرکییەکانی دەوڵەتی تورکیە و دەسەڵاتدارانی هەرێمیش وەستاونەتەوە و سەرەڕای ئابلۆقەی ئابووریی دەوڵەت و حکومەتەکانی ناوچەکە و پیلانەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمان ، ڕۆژ بە ڕۆژ هێزی خۆرێکخستووی بەرەی جەماوەریی لە خۆراوا لە سەرکەوتندایە و پاشەکشێ بە دوژمنەکانی دەکات.

لەسەر بنەمای ئەزموونگیریی لەم ڕووداوانە و پشتبەستن بە ئەزموونە مێژووییەکانی بەرەی شۆڕش لە سەرتاسەری جیهاندا ، تەنیا یەك بەرە و ئەڵتەرناتیڤ هەیە ، کە ئەنارکیيەکان پشتی پێبەستن و پێداگریی لەسەربکەن و پێشنیاریبکەن و بۆ هەڵخراندن و پێکهێنانی دەستبەکاربن ؛ ئەویش ڕێکخستنی بەرەنگاریی سەربەخۆی جەماوەرییە بە پێکهێنانی هێزە گەلییە سەربەخۆکان لە نێوەندەکانی کار و ژیاندا. وەها کارێك دەستپێکردنی دەستبەجێ و هەردەمی گەرەکە و پێویستە هەر لە ئێستاوە سەربەخۆ لە هێزەکانی دەوڵەت و حکومەتەکان و پارتەکان و میلیشیاکان ، لە شارەکانی دیکەی عیراقدا بەخێراترین کات گەورەترین هێزی بەرەنگاریی جەماوەریی بەتایبەت لە شاری کەرکووك و بەغداد کە ئامانجەکانی دواتری هێزە تیرۆیستییەکانی (داعش)ن ، پێکبهێنرێت ، نابێت لەبیربکرێت کە وەها هێزێك تەنیا هێزی پیاوانە نییە ، بەڵکو هێزی یەکگرتووی ژنان و پیاوانی سەراپای کۆمەڵە !

**بەرەو پێکهێنانی هێزی بەرەنگاریی سەربەخۆی جەماوەریی، سەرکەوتن تەنیا لە هێزی یەکگرتووی جەماوەردایە**

**پێکهێنانی کۆمیتە و هەرەوەزیی گەڕەک و کارگە و فێرگە و فەرمانگە و گوندەکان، بەردی بناخەی بەرەنگاریی جەماوەریین**

**سەکۆی ئەنارکیستان**

**١٣ی جونی ٢٠١٤**